کۆمکاری عەرەبی: شانازی بە ئەزموونی دیموکراسی و ڕێکخستنی لە عێراق دەکەین

ئەمڕۆ یەکشەممە، یاریدەدەری سکرتێری گشتی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی و سەرۆکی شاندی چاودێری کۆمکاری عەرەبی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2025 باڵیۆز فائد مستەفا، ڕایگەیاند: هەڵبژاردنەکانی عێراق بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی و ڕێکخراو بەڕێوەدەچن، و ستایشی ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکانی عێراقی کرد.

مستەفا بە ئاژانسی هەواڵی فەرمی ڕاگەیاند: کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی سوورە لەسەر بەشداریکردن لە هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردن لە عێراق بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە ڕێگەی شاندەکانی کە پسپۆڕ و شارەزای کاروباری هەڵبژاردن لەخۆدەگرن، و وتیشی: سکرتێری گشتی ئەحمەد ئەبولغەیت فەرمانی دەرکرد، دوای وەرگرتنی داواکاری لە برایانمان لە عێراق، بۆ پێکهێنانی شاندێکی تایبەت کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر گەیشتە بەغدا و دەستی بە ئەرکەکانی کرد لە بەدواداچوون و چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

ڕوونیشیکردەوە: ئێمە لە کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی زۆر دڵخۆشین بەم ئاستەی هەڵبژاردن و ئەزموونی دیموکراسی عێراق کە شانازی پێوە دەکەین و هیوای گەشەکردن و پێشکەوتنی بۆ دەخوازین، و وتیشی: شاندەکە سەردانی ژمارەیەك بنکەی دەنگدانی کردووە و ئاستێکی بەرزی ڕێکخستن و هەوڵێکی زۆری لیژنەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و دەزگا ئەمنییەکانی بینیوە لە پاراستنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا.

□ئاشکراشیکرد: ک□شوه□وای گشتی ئ□ر□نی و □□کخراو و ب□ ش□و□ی□کی ز□ر ساد□ ب□□□و□د□چ□ت، و وتیشی:
ئ□م ئ□زموون□ ه□□بژاردن□ نموون□ی□کی ئ□ر□نیی□ و ل□ جیهانی ع□ر□بیدا د□ب□ت□ س□رم□شق و پاب□ندبوونی
ع□راق ب□ □□بازی دیموکراسی نیشان د□دات.